# له ڕۆمانی تاعونەوە بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا

## دەربارەی پەیوەندیی ئەدەب و کارەسات

حەمەی مەلا



2020-3-6

# ١. نیشانەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا

دەگێڕنەوە سەردەمانی دێرین، ئەو کاتەی گەشەی زانستی و بە تایبەت زانستی پزیشکی گەشەی نەکردبوو، ئەوکاتەی حەکیم و پزیشکە گەڕۆکەکان شارەوشار دەگەڕان و بە پێچەوانەی مەکر و عیتابی دڵداران؛ حەکیمەکان بۆلای دەردەداران دەچوون. پەتای تاعون لە یەکێک لە شارەکانی خۆرهەڵاتدا بڵاو دەبێتەوە. بەرلەوەی پەتاکە بگاتە ناو ئەو شارەی کە بڕیارە تاعون بەسەر دانیشتوانەکەیدا ببەشێتەوە، حەکیمێک لە دەرەوەی شورای شارەکە، پەتاکە ڕادەگرێت و پێیدەڵێت قەرارە چەند کەس لە دانیشتوانی شارەکە بکوژێت؟ لەوەڵامدا دەڵێت؛ سێسەد کەس. تاعون لە شارەکەدا بڵاو دەبێتەوە و بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەی گوتبووی، پێنجسەد کەس دەکوژێت. دوای کۆتایی هاتنی نەخۆشییەکە، حەکیمەکە جارێکی دیکە پەتاکە دەبینێتەوە و پێیدەڵێت؛ خۆ تۆ بڕیاربوو سێسەد کەس بکوژێت، کەچی پێنسەد کەس بەهۆی تۆوە مردن. پەتاکە لە وەڵامدا دەڵێت، من هەر سێسەد کەسم کوشت، دووسەد کەسەکەی دیکە لە ترسا مردن!

ئەگەر لە پەیوەندیدا بە هەواڵی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لێکدانەوە بۆ ئەم بەسەرهاتە بکەین، دەتوانین بەقوڵی پەی بەو دۆخە سایکۆلۆژییە ببەین کە زۆرینەی مرۆڤەکان بەهۆی مەترسی توشبوون بە نەخۆشییەکەوە دوچاری بوون. بێگومان لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەرنەخۆشیەکی کوشندە و مەترسیداردا، ئینسان دوچاری قەلەقی و دڵەڕاوکێیەکی زۆر دەبێت و ئەمەش دەبێتە هۆی

دروستبوونی هەستی خۆبەنەخۆشزانی" hypochondriasis" و مرۆڤەکان سیستەمی بەرگری"مناعة"ی لەشیان لاواز دەبێت و زۆرجار بەر لەوەی دوچاری ئەو نەخۆشییە ببن کە لێی دەترسن، کاریگەریی ترس و بارە سایکۆلۆژییەکە نەخۆشیان دەخات و وەک کەسێکی توشبوو پەرۆشی چارەسەر دەبن و زۆرجاریش بەهۆی لەدەستدانی بەرگریی لەشیانەوە ڕووبەڕووی مردن دەبنەوە. لە ماوەی ڕابردوودا و دوای ئەوەی لە شاری ووهانی وڵاتی چینەوە ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاو بوویەوە، زۆری نەخایاند هەواڵی تەنینەوەی پەتاکە بە جیهاندا، ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا و سەرجەم دانشتوانی جیهانی دوچاری شڵەژان و فۆبیا کرد. وەک ئەوەی تاکە مەترسی لەسەر ژیانمان، تەنیا ئەم پەتایە بێت و بەدەر لە ڤایرۆسی کۆرۆنا هیچ مەترسی و هەڕەشەیەکی دیکە لە ئارادا نەبێت. بە بڕوای ئێمە کۆرۆنا هەیولا تۆقێنەرەکە نییە، بەڵکو یەکێکە لەو سەدان و هەزارەها قەیران و گرفتانەی دیکە کە دەوڵەتە زلهێزەکان و سیستەمی باڵادەست بەرهەمیان دەهێنێت و ڕۆژانە ئێمەی مرۆڤ لەگەڵ لێکەوتەکانیاندا لە دۆخێکی ناهەموار و پڕ مەشەقەتدا دەست و پەنجەیان لەگەڵدا نەرم دەکەین. هەمووان دەزانین ئەمڕۆ جیهان وەک یەکەیەکی یەکپارچەی لێهاتووە، ئەمەش لێکەوتەی دیاردەی جیهانگیری و ئامرازەکانێتی و بەهۆی تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، کەمترین ناوچەی جیهان ساتەوەختی پەراوێزی دەژین و بەجۆرێک لە جۆرەکان سەرجەم وڵات و شار و شارۆچکە و بگرە گوندەکانیش، لە تۆڕی جیهانگیریەوە ئاڵاون و بەیەکەوە بەستراونەتەوە. هەر

ئەمەشبوو کە وایکرد بەو خێراییە و بەرلەوەی ڤایرۆسەکە بە شێوەی ڕاستەوخۆ بگوازرێتەوە، لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سۆشیال میدیاوە، وێنە و هەواڵی قوربانیانی کارەساتەکە بگاتە ئێمە و بەشێوەیەکی مەجازی ئەزموونی بکەین[1]. ئەوەی لێرەدا و لەم نوسینەدا هەڵوەستەی لەسەردەکەین، مامەڵەکردنە لەگەڵ ڤایرۆسەکەدا بە شێوازێکی دیکە و لەدەرەوەی تێڕوانینی پزیشکی بۆ نەخۆشییەکە. بە مانایەکی دیکە؛ مەبەستمان لە نیشانەکانی کۆرۆنا زیاتر نیشانەی ڕوداوەکە و ئەو پاشهات و لێکەوتانەیە کە ڤایرۆسەکە بەدوای خۆیدا هێناویێتی و گرێدانەوەیەتی بە دۆخی سایکۆلۆژیی و هەلومەرجی ژیانی ئینسانەکانەوە لەناو سیستەمی باڵادەستدا و هەوڵدەدەین "پەتا"کە لە پەیوەندیدا بە دۆخی جیهان و مرۆڤەکانەوە بخوێنینەوە و لەگۆشەنیگای ئەدەبیات و کارکردەکانی

---

[1] بێگومان لێرەدا تێزەکانی ژان بۆدریار و زۆر بیریاری دیکەمان لەبەرچاوە و دەتوانن کۆمەکمان پێبکەن، بەڵام هەوڵی ئێمە خوێندنەوەی دیاردەکەیە لەناو کایەی ئەدەبیاتدا. بۆنمونە دەتوانین بە کۆمەکی بۆ دریار واقیعەکە وەک واقیعی مەجازی بخوێنینەوە و ئەوەش ڕونبکەینەوە کە مەبەستمان لە واقیعی مەجازی جیاوازی نییە لەنێوان دووجۆر لە واقیعدا، پێچەوانەوە مەبەستمان لەوەیە خودی واقیعی مەجازی وەک واقیعێک جێکەوتبووە و لێرەشەوە ئێمە لەناو زێدەواقیعدا دەژین. ڕەنگە هەمان نمونەکەی بۆدریار بۆ جەنگی کەنداو "جەنگی کەنداو ڕوینەدا" باشتر مەبەستەکەمان لە واقیعی مەجازی ڕون بکاتەوە کاتێک بڵێین" ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاو نەبۆتەوە". هەڵبەت مەبەست لە بڵاونەبونەوەی کۆرۆنا ئەوە نییە کە ڕوداوێکی وا لە ئارادا نییە، بەڵکو مەبەستەکە ئەوەیە لە ڕێگای شاشە و سۆشیال میدیاوە بەشێوەیەکی مەجازی پەتاکە بڵاو بوویەوە و ئەزمونمان کرد، هەر ئەمەش وایکرد بەرلەوەی لە کوشندەیی پەتاکە دڵنیابینەوە خەمساردبین لەتەک سەرهەڵدانیدا و تەنانەت کارەساتەکە وەربگێڕینە سەر زمانی نوکتە و گاڵتە و گەپ.

ئەدەبەوە لە چۆنێتی مامەڵە و بەرخوردکردن  لەگەڵ مەترسی ڤایرۆسەکەدا بڕوانین و لێکدانەوەی بۆ بکەین. هەڵبەت ئاشکرایە ئەمڕۆ مرۆڤایەتی بەدەست دەیان دیاردە و قەیرانی یەک لەدوایەک و کێشەی بێکاریی و خراپی هەلومەرجی کارکردن و کۆچکردن و پیسبوونی ژینگە و هەڕەشەی دەوڵەتە زلهێزەکان لە یەکتریی و مەترسی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی و بەکارهێنان و پیتاندنی ئەتۆم و دەیان دیاردەی دیکەوە دەناڵێنێت و دەرگیرە. لەم کاتەدا و بەتەنیشت هەموو ئەو مەترسییانەی دیکەوە، بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناش یەکێکە لەو ڕوداوە مەترسیدارانەی لە ئێستادا هەڕەشە لە ژیانی ئینسانەکان دەکات و دۆخێکی پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێی خولقاندووە. بێگومان هەموو ئەو گرفتانەی باسمانکردن، هەموویان خۆکرد و بەشێوازێکی سروشتی نەخولقاون، بەڵکو زۆرینەیان دەرئەنجامی جیهانگیریی و خراپی سیستەمی حکومڕانی و سیستەمی زاڵی بەرهەمهێنان، کە لەمڕۆدا سەرمایەداریی و ئابوریی نیولیبراڵیزم ئاڕاستەیان دەکەن و فۆڕمەکانیان دیاری دەکەن. لێرەوە دەتوانین نیشانەکانی ڤایرۆسەکە بەدەر لە دیوە بایۆلۆژیی و تەندروستی و پزیشکییەکەی، وەک داگیرسانی گڵۆپی سوری ئاگادارکردنەوە، بە نیشانەی هەبوونی خەلەل و کێشە لەناو سیستەمەکدا بخوێنینەوە.

## ٢ـ چۆن ڤایرۆسی کۆرۆنا سەریهەڵدا

لەسەردەمی جەنگە جیهانییەکان و دواتر ئەزموونی جەنگی ساردا، مرۆڤایەتی مەشقێکی تاڵی لەگەڵ کارەسات و ڕووداوەکاندا کرد و تا لێواری لەناوچوون و سڕینەوە ڕۆیشت و لەمسی کۆتاییهاتنی ژیانی لەسەر ئەم هەسارەیە کرد. دواتریش بەدەست گەشەی تەکنیک و قەیرانی ئابوریی و دیموکراسییەتی ساختەی زلهێزەکانەوە، جیهان گۆڕا بۆ شانۆیەکی تراژیدیی و بینەر و ئەکتەرەکانی شانۆکەش هەمان مرۆڤەکان بوون و لەبەرانبەریشدا دەسەڵات و سیستەمەکەش تاکە شتێک کردبێتیان ڕاگەیاندنی دۆخی نائاسایی و بەڵێنی ساختە و فریودەرانە بووە بە ڕزگارییەک، کە هەر خۆیان هۆکار و بەربەستن لەبەردەم بەدیهاتنیدا. لەدوای ڕوداوی یانزەی سێپتەمبەریشەوە، ڕستێک کارەساتی دیکە لەژێر ناوی تیرۆریزمی جیهانیدا بەرهەمهێنران و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئینسانەکان هەستی دڵنیایی و سەلامەتی لەدەست بدەن و دەوڵەتەکانیش ڕەوایەتی بە بەرهەمهێنانی سەدان چەکی جۆراو جۆر و دروستکردنی یەکەی سەربازیی و هێزگەلی وەک دژەتیرۆر بدەن و برەو بە بازرگانی چەک و بڵاوکردنەوەی ئەم چەکانە بدەن لە جیهاندا و ئابوریی و بازاڕەکانی خۆیانی پێ ببوژێننەوە و دەوڵەتە تازەگەشەکردووەکانیش بەو هۆیەوە کەوتنە ژێرباری قەرزێکی زۆرەوە و ژیانی هاوڵاتییەکانیشیان ڕووبەڕووی هەژاریی و برسێتی و ئاوەرەیی و کۆچ و بێکارییەکی تاقەتپڕوکێن کردەوە. لەلاکەی دیکەشەوە هێزە فێندەمێنتاڵ و باندە مافیاییە پەڕگیر و

گرووپە دینییە توندڕەوەکان، کەوتنەخۆ و بوون بەهەڕەشە و مەترسییەکی گەورە بەسەر ژیانی ئینسانەکانەوە و هەزارەها کارەساتی خوێناویی و تۆقێنەرییان ئەنجامدا. دوابەدوای کێشەی تیرۆر، کە لە ئێستاشدا تارمایی ماوە و لەناو نەچووە، بەدەر لە مەترسی و هەڕەشەی بەرپابونی جەنگی ئەتۆم، مرۆڤایەتی دەرگیرە لەگەڵ جەنگێکی دیکەدا کە ئەویش جەنگی بایۆلۆژیایە. پێشتر و بەر لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، ڤایرۆسی سارس و مێرس و ئەنفلۆزای باڵندە و بەراز بڵاوبوونەوە. بەڵام ئەمجارە جیاواز لە جارانی پێشوو ڤایرۆسی کۆرۆنا جیهانی هەژاندووە و ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی مرۆڤایەتی پێکرا لە دڵەڕاوکێدا بژین و نائارامی و پشێوی لەسەرتاسەری جیهاندا پەرەبستێنێت. لێرەدا و لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم ڤایرۆسەدا، دەتوانین جیاوازی لە نێوان دووجۆر لە جەنگی دژ بە مرۆڤایەتی بکەین؛ یەکەمیان جەنگە دیارەکانن، ئەو جەنگانەی کە بینراو و بەرجەستەن وەک جەنگە جیهانییەکان و جەنگی تیرۆر و ...هتد، دووەمیشیان جەنگە نادیارەکانن کە جەنگە بایۆژییەکانن و لە شێوەی ئەم ڤایرۆسانەدا بڵاو دەبنەوە و هەڕەشە لە مرۆڤایەتی دەکەن[2]. واتە ئەگەر جۆری یەکەمی جەنگەکان جەنگی دوژمنێکی دیار بێت، ئەوە جەنگی دووەم جەنگێکی نادیارە و ئێمە ڕاستەخۆ دوژمنەکەمان نابینین. ئەمەش گۆڕان بەسەر کۆی ماناکانی ئەویدی

---

[2] لێرەدا و بۆ خوێندنەوەی ئەم دیاردەیە لە ڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە، کە ئێمە لەم نوسینەدا بواری ئەوەمان نییە باسی بکەین چونکە زیاتر مەبەستمانە لە ڕوانگەی ئەدەبیاتەوە تاوتوێی پرسەکە بکەین. خوێنەر دەتوانێت لە ڕێگای ئەم لینکەوە بگەڕێتەوە بۆ وتارێکی نوسەر و بیرمەندی تونسی فتحي المسكيني
https://www.mominoun.com/articles

و تێگەیشتنی ئێمەشدا دەهێنێت بۆ خوێندنەوەی دیاردە و کارەساتەکان و هەلومەرجی مرۆییمان. هەڵبەت جەنگە نادیارەکان تەنیا وەک ڕوداوی سروشتی سەرهەڵنادەن، بەڵکو دەکرێت لە ڕێگای سیستەمی باڵا دەستیشەوە ئاڕاستەی مرۆڤایەتی بکرێن. کەواتە  دیاگنۆس و دەستنیشان کردنی شوێنی ڕاستەقینەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و چۆنێتی سەرهەڵدانی، بەدەر لە دیوە زانستییەکەی کە لێکۆڵینەوە پزیشکییەکان دەڵێن هۆکارەکەی باڵندەی شەمشەکوێرەیە و ئاژەڵانیش هۆکاری سەرەکی گواستنەوەی ڤایرۆسەکەن. دەتوانین بڵێین کارگەی بەرهەمهێنانی ڤایرۆسەکە دەکرێت لەناو جەرگەی ئیمپرالیزمی جیهانی و گەمەی سیاسەتی دەوڵەتە جیهانییەکان و داوێنی سیستەمی سەرمایەدارییەوە سەریهەڵدابێت و مرۆڤایەتی کردبێتە ئامانج و خانەخوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش هۆکاری سەرکیبن بۆ گواستنەوەی. بەوەشدا لەسەردەمی ئێستادا واقیعەکەمان واقیعی مەجازییە، کاریگەرییە مەجازییەکانی ڤایرۆسەکە، کەمتر نین لە کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانی ڤایرۆسەکە، وەک چۆن لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان پێدا.

## ٣ـ ئەدەب وەک ئەنتی ڤایرۆسی سیستەم

ئاشکرایە پرسیار لە ژیان و مەرگ و نەمری، پرسیارێکی بەردەوام و دانەبڕاو بووە لەناو ئەدەبیاتدا و هەر لە ئەفسانەی گلگامشەوە تا دەگات بە ئەدەبیاتی ئەلبێرت کامۆ، لە ئەفسانەکانی یۆنان و ڕۆم و لە ئیلیادە و ئۆدیسەی هۆمیرۆسەوە تا دەگات بە ئەدەبی دۆیستۆفسکی و جیهانی کافکا و شاکارەکانی مارکیز و خۆزیە ساراماگۆ و...هتد، سەدان شاکاری گەورەی ئەدەبیات دەبینین، کە وێنای کارەساتەکانیان بۆ کردووین، یاخود بە پێچەوانە کارەساتەکانیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئەدەب و تەعبیرییان لە ئازار و بەدبەختییەکانی ژیانی ئینسانەکان کردووە. لە هەر یەکێک لەو شاکارانەشدا کە ئەدیبەکان نوسیویانن بەردەوام ڕادیکاڵیزمێک دەبینن کە ئەدەب بە ستایلی خۆی بەرهەمی هێناوە و دژبە سیستەمی حاکم و باڵادەست و ئەو قیران و کارەساتانەی خوڵقاندویانن کاری کردووە، هەر لە ڤایرۆسی فاشیزم و نازیزمەوە تا دەگات بەو کێشانەی کە لە ئێستادا مرۆڤایەتی بەهۆی شکست و قەیرانە یەک لە دوایەکەکانی سیستەمی سەرمایەدارییەوە دوچاریان بووە. کەواتە بە پێچەوانەی هەندێک بۆچوونی هەرزان و ساویلکەوە کە پێیانوایە ئەدەبیات پاسیڤە و قودرەتی دەرگیربوونی لەگەڵ کارەساتەکاندا نییە و شتێکی ئەوتۆی لە هەگبەدا نییە، ئەدەب بەردەوام وەک ئەنتی ڤایرۆسی سیستەم کاری کردووە و ڕۆڵی گەورەی گێڕاوە لە ژیانی مرۆڤەکاندا. هەر لە ڕەخنەکردن و گەڕان بەدوای چارەسەردا بیگرین، تا دەگات بە داهێنانی ستایلی

ژیانکردن، لە پرسیاری مەرگ و گەڕان بەدوای نەمریدا، تا دەگات بە زمانبەخشین بە سەرکوتکراوان و نەفرەتلێکراوان و گێڕانەوەی کارەساتەکان؛ ئەدەبیات هەمیشە پێشەنگ و ڕچەشکێن بووە و جیاواز لە کایەکانی دیکەی وەک فیکر و فەلسەفە و هونەر و زانست پرسیاری خۆی لە ڕووداو و کارەسات و دیاردەکانی وەک  خودا و ژیان و مەرگ و عەشق و جوانی و چەوساندنەوە و هەلومەرجی ژینگە و جەنگ و دادپەروەریی و یەکسانی و کۆچ و پەنابەریی و سەرجەم پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەکانی دیکە، هەبووە و هەیەتی و لە پرسپێکتیڤێکی جیاوازیشەوە ڕەخنەی دیاردەکانی کردووە و وەڵامی بە پرسیارەکانی مرۆڤ داوەتەوە و هەوڵی وەڵام دانەوەیان دەدات. بێگومان کە دەڵێین ئەدەبیات جیاواز لە کایەکانی دیکە کاری لەسەر ڕووداو و کارەساتەکان کردووە، مەبەستمان ئەوە نییە ئەدەب دابڕاو بوبێت لە کایەکانی دیکە، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە ئەدەب جیهانبینی خۆی بۆ ئەم پرسانە هەبووە و لەمەشدا زۆرجار کایەکانی وەک فەلسەفە و دەرونشیکاریی و فەلسەفەی سیاسیی و هونەر و...هتد، بەسەرکردۆتەوە و لەدەرگای داون. سەرەڕای سەدان نمونەی ناوازە کە لە ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبیدا هەن و لێرەدا پیاڕاناگەین لەبارەیانەوە بدوێین و نمونەیان لێوەربگرین، ئەگەر لە ئەدەبیاتی کوردی بڕوانین لە پەیوەندیدا بەو کارەساتانەوە کە لە سیاقی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری دونیای ئێمەدا ڕویانداوە و بە تەنیشتی ئەم کێشە و گرفتە لۆکاڵییانەشەوە چۆن دەیان پرسی دیکەی جیهانی و گەردونیان وروژواندووە، دەتوانین زۆر بە کورتی ئاماژە بە ئەدەبیاتی (شێرکۆ

بێکەس و بەختیار عەلی و عەتا محەمەد)بکەین. شێرکۆ بێکەس لە دەقی "گۆڕستانی چراکان"دا، گەشتێکی دانتی ئاسا بەناو گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ئەنفالدا دەکات و بە زمانێکی شیعریی و جیاواز لە زمانی کلێشەیی سیاسەت کارەساتی ئەنفالمان بۆ دەگێڕێتەوە. وەکچۆن بەختیار عەلیش لە ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان"دا، بەوردیی و نیگایەکی قوڵەوە پرسی جوانی و ئەبەدییەت و عەدالەت و خودامان-کە سەرجەمییان پرسی جیهانی و گەردونین- لە پەیوەندیدا بە کارەساتی ئەنفالەوە بۆ تەوزیف دەکات و ئیمکانی دیکەمان بۆ تێگەیشتن لەم پرسانە بەڕوودا دەکاتەوە. عەتا محەمەدیش لە ڕێگای ڕۆمانی پاسەوانانی خوداوە، دیاردەی ژنکوشتن و پرسی شوناس و دینداریی و تیرۆر دەخاتە ژێر پرسیارەوە و بەشێوازێکی جیاواز بەرخورد لەگەڵ ئەم کێشانەدا دەکات. هەڵبەت نمونەکان لە ئاستی دونیادا بێشومارن و لەم نوسینەدا ئێمە هەندێک لەو شاکارانە بەسەر دەکەینەوە کە لێکچون و نزیکایەتییان لەگەڵ ئەم هەلومەرجەی ئێستادا هەیە و بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ فەزاکانیان هاوشێوەیە لەگەڵ فەزای سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنادا.

## ٤ـ لە ڕۆمانی تاعونەوە بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا

ئەوەی گرنگە لە ئێستادا بکرێت، بەدەر لە خۆپاراستن و بیرکردنەوە لە سەلامەتی هاوچەشنە توشبووەکانمان؛ ئەوەیە ئەم شۆک و شڵەژانە وەرگێڕینە سەر ئاستێکی ڕادیکاڵ و لە میانەیەوە بیر لە جۆرە ژیانێکی شایستە بە مرۆڤایەتی بکەینەوە و نەهێڵین چیتر سیستەمی باڵادەست و دەوڵەتە سەرمایەدار و بازرگانەکان و بازاڕەکانی دەرمان و ...هتد، لە پێناو مانەوەی خۆیان و کەڵەکەکردنی قازانج و بوژاندنەوەی ئابوریی و ساخکردنەوەی دەرمان و کاڵاکانی خۆپاراستندا، ریسک بە ژیانی مرۆڤایەتییەوە بکەن و لەوەی هەیە و ڕوویداوە، زیاتر ببینە قوربانی و دوچاری لەناوچوون ببین. یەکێک لەو بوارانەشی لەمەدا کۆمەکمان پێدەکات و ئاسۆی دیکەمان دەداتێ بۆ تێگەیشتن لەم هەلومەرج و واقیعەی تێیکەوتووین، کایەی ئەدەبیاتە و لێرەدا هەوڵدەدەین لە چۆنێتی ئەم ناوکۆیی و بەشدارییەی ئەدەبیات بکۆڵینەوە. ئەدیبی جەزائیری-فەرەنسی، ئەلبێرکامۆ، لە ڕۆمانی "تاعون"دا، بەسەرهاتی شارێکمان بۆ دەگێڕێتەوە بە ناوی"ئوران" - هەندێک لە ڕەخنەگران پێیانوایە ئوران هەمان شاری" وەهران"ی جەزائیر بێت-  کە پەتای تاعون بەناویدا بڵاو دەبێتەوە. سەرەتاکانی ئەم پەتایە لەوێوە دەست پێدەکات کە دکتۆر بێرنارد ڕیۆ لە عیادەکەی دێتە دەرەوە و لەسەر قادرمەکان پێی لە مشکێکی تۆپیو هەڵدەکەوێت. ئەم دەستپێکە وەک نیشانەیەک ڕێژنەیەک لە کارەسات و کێشە بەدوای خۆیدا دەهێنێت و دواتر هەمووان تێدەگەن کە پەتای تاعون لە شارەکەیاندا بڵاو

بۆتەوە و هەڕەشە لە ژیانیان دەکات. بەوەدا ئەدەبیاتی کامۆ زیاتر وەک ئەدەبیاتی ئەبسێرد و بونگەرایی و فەردی ناسراوە، پێویستە بڵێین ئەم ڕۆمانەی کامۆ سەر بە قۆناغی دووەمی ژیانی ئەدەبی و فیکری کامۆیە و کامۆ لە ڕێگەی ڕۆمانی تاعونەوە باسی ئەکتی دەستەجەمعی کۆمەڵگامان بۆ دەکات لە ڕووبەڕووبونەوەی پەتایەکدا، کە بێ جیاوازی سەرجەم دانیشتوانەکەی گرتۆتەوە و مەترسی لەسەر ژیانی ئینسانەکان دروستکردووە. هەروەکچۆن لە ئێستادا ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاوبۆتەوە و بێ جیاوازی و هەڵاوێرد مەترسی لەسەر ژیانی هەمووومان دروستکردووە. ئەم ڕۆمانە ساڵی ١٩٤٧ بڵاو دەبێتەوە و کامۆ لەنامەیەکدا کە بۆ ڕۆلان بارتی دەنوسێت سەبارەت بە ڕۆمانەکەی دەڵێت:" بە بەراورد بە ڕۆمانی بێگانە، تاعون بێ چەندوچوون پەڕینەوەیە لە ڕیسک و سەرکێشی فەردانییەوە بۆ جیهانی دەستەجەمعی و گروپی، گروپییەک کە دەبێت لە ململانێ و بەرەنگارییەکانیدا بەشداری بکەین. ئەگەر لە بێگانەوە تا تاعون ڕێگایەک بۆ گۆڕانکاری لە ئارادابێت، ئەم گۆڕانە لە جیهانی پێکەوەیی و بەشداریکردندایە". ڕاستی و دروستی ئەم قسەی کامۆ بە درێژایی ڕۆمانەکە دەبینین و هەر ئەوەی تا کۆتایی بێرنارد ڕیۆ وەک حیکایەتخوان خۆی ئاشکرا ناکات، ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆیە بەوەی کە خودی شاری ئۆران ڕوداوەکان دەگێڕێتەوە نەک کەسێکی تایبەت. بەدەر لەوەش کۆی کارەکتەرەکان هەر لە دکتۆر ڕیۆوە کە سەرباری دەردەسەری و گرفتە تایبەتییەکانی خۆی کە ژیانیان وێران کردووە، خۆی بۆ چارەسەری پەتاکە تەرخان دەکات. هەریەک لە تارۆ کە غەریبە و

پەنابەرە، تا دەکات بە کاستڵ و دواتر بە ڕامبێری ڕۆژنامەنوس و عاشق هەریەکەیان بە شێوازی جیاواز ڕۆڵی خۆیان لە ڕووبەڕووبونەوەی پەتاکەدا دەگێڕن. خاڵی ئەو پەڕینەوەی کامۆ لە نامەکەیدا بۆ ڕۆلان بارتی باس دەکات و دەڵێت؛ ئەم ڕۆمانەم پەڕینەوەیە لە سەرکێشی فەردانییەوە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی گرووپی، دەتوانین لە کارەکتەری ڕامبێردا بیدۆزینەوە. ڕامبێر ڕۆژنامەنوسێکە و بۆ ئامادەکردنی هەواڵ لەسەر باردۆخەکە هاتووە بۆ ئوران، بەڵام دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ ویژدانی خۆیدا، لە نێوان گەڕانەوە و ڕزگارکردنی خۆیی و مانەوەیدا لەگەڵ دانیشتوانی شارەکەدا و بەشداریکردنی لە ڕوبەڕوبونەوەی پەتاکەدا، دووەمیان هەڵدەبژێرێت و تێدەگات ڕزگاری فەردی و هەڵهاتنی، کارێکی نابەرپرسیارانە و نا ئەخلاقییە و ئەگەر بڕیارە بەختەوەرییەک لە ئارادابێت، دەبێت نەک تەنیا بۆ ئەو بەڵکو بۆ تەواوی هاوچەشنەکانیشی بێت. هەربۆیە تا کۆتایی دەمێنێتەوە و لەگەڵ دکتۆر ڕیۆدا کار بۆ وەستاندنی پەتاکە و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ توشبووەکان دەکات. لەبەرامبەر ئەمەدا و لە ڕۆمانی بێگانەدا مەرسۆ کارەکتەرێکە ئەم ڕیسک و سەرکێشییە وەک فەردێک دژ بە بەها و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و لە پێناویاندا دەجەنگێت. لە ئەفسانەی سیزیفیشدا هەوڵەکە هەوڵێکی تاکەکەسییە بۆ ڕزگاریی و قوتاربوون لەدۆخی وجودییانەی مرۆڤ و دواجاریش سەری لە نهیلیزم و پوچگەراییەوە دەردەچێت. بەڵام لە تاعوندا کامۆ زەرورەتی ئەکتی بەرەنگارانە و بەشداری تاکەکەس لە کۆمەڵدا ڕووندەکاتەوە و پێمان دەڵێت مرۆڤی بەرپرسیار

کەسێکە، بەدەر لە ڕزگاری تاکەکەسیانەی خۆی، ڕزگاربوونی ژیانی مرۆڤەکانی دیکەش بەهەند وەردەگرێت و بەگرنگیان دەزانێت. بەشێک لە ڕەخنەگران ئەم ڕۆمانەی کامۆ وەک سمبولێک بۆ فاشیزم و نازیزم دەبینن و پەتای سەرتاپاگیری تاعونیش بە جەنگە جیهانییەکان دەشوبهێنن، بەڵام لە هەردوو ئاستەکەدا، واتە هەم ئاستی سیمبولی و هەم ئاستی ئەدەبی و ژیانی ناو ڕۆمانەکەشدا، کامۆ وێنەی ئەکتێکی دەستەجەمعیمان نیشاندەدات جیاواز لە ڕێکخستنی ئایدۆلۆژی کە هەمووان خەریکی جێبەجێکردنی ڕەچەتەیەکی دیاریکراوبن، یان هەرکەسە و بەتەنیا بیەوێت خۆی ڕزگار بکات، ئەو باس لە ڕۆڵی فەردەکان و تاکەکان وەک ئایدۆلۆژیا ناکات، بەڵکو دەیەوێت ویژدانی تاکەکان بەرپرسیار بکات و هاوخەمی مرۆڤەکان بۆ یەکتری دەرببڕێت و ئەو دیمەنە ئەخلاقی و ئینسانییەمان نیشانبدات کە چۆن هەرکەسێک لە ئاست و پیشەکەی خۆیدا هەوڵی بەگژداچونەوەی دیاردەکە دەدات. بێگومان ڕۆمانەکە باسی چەندین کەسایەتی دیکەی هەلپەرست دەکات و پێمان دەڵێت چۆن بەشێک لە دینداران ئەم ڕوداوە وەک بەڵایەکی خودایی دەبینن، بەشێکی دیکەش بازرگانی بەسەرەوە دەکەن و هەندێکیش دەیکەنە سەرچاوەی کاروکاسبی و چاویان لەوە بڕیوە لە ڕێگای کێشانەوەی پارە لە خەڵکەکەوە بەهۆی ئەوەی بە قاچاغ لە شارەکە دەربازیان دەکەن، باری مادییان بگۆڕن و پارەیەکی زۆر بەدەست بهێنن. بەڵام دواجار بەهۆی بەرەنگاری دەستەجەمعیانە و ئەو هاوکاریی و کۆمەکانەی لە جێگای دیکەوە دەگەنە شاری ئوران، خەڵکەکە دوای قوربانیدانێکی زۆر و ماندوبونێکی بێوچان

دەتوانن بەسەر تاعونەکەدا زاڵبن و تێیپەڕێنن[3]. گەر بەراوردێکی خێرای ڕۆمانەکە و بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بکەین، لێکچونێکی ئێجگار گەورە دەبینین لە نێوان فەزای ڕۆمانەکە و ئەو دۆخەی ئێستای جیهان و ناوچەکەدا، بەدەست ڤایرۆسی کۆرۆناوە. ئەو دەمەی ڤایرۆسەکە لە وڵاتی چین بڵاو بوویەوە، زۆرێک لە ئیسلامییەکان ئیدیعای ئەوەیان دەکرد، ئەوە سزایەکی یەزدانییە و خودا لە ڕێگایەوە کافرەکان سزا دەدات! هەندێکی دیکە لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە زۆر خوێنساردانە کەوتنە دروستکردنی نوکتەی گاڵتەئامێز و وەک میکانیزمێکی بەرگری لە ڕێگای ئەم سەرگەرمییانەوە دەیانویست لە ناهەماهەنگی ئیدراکی " cognitive dissonance" دەربازیان ببێت، کە بەهۆی ترس و تۆقین لە پەتاکەوە دوچاری بووبوون. وەک ئەوەی کێشەی مرۆڤەکانی دیکە پەیوەندی بە ژیانی ئەمانەوە نەبێت و هەرکەسە و تەنیا لەخەمی خۆیدا بێت. کە ئەمەش ئەو ئەخلاقیاتە فەردگەراییەیە کە سیستەمی سەرمایەداری و عەقڵێتی میکانیکی خوازیارە وەک درم و پەتا بەناو کۆی مرۆڤایەتیدا بڵاو ببێتەوە، کە زۆر لە ڤایرۆسی کۆرۆنا خراپتر و مەترسیدارترە. دواتر بەشێکی زۆر لە خەڵکی نابەرپرسیار، لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە کەوتنە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری نادروست لەسەر نەخۆشییەکە و بەو هۆیەشەوە ڕێگایان خۆشکرد بۆ هەندێک لە بازرگان و دوکانداری بێویژدان، لە ڕێگای فرۆشتنی ماسک و گرانکردنی نرخی ماسکەکانەوە کە نرخی یەک ماسک گەیشتە ٢٥$، بازرگانی بەسەر کۆمەڵگاوە بکەن. بەڵام لەگەڵ

[3] آلبرکامو،طاعون، ترجمه، رضا سید حسینی، چاپ اول: ١٣٤٥، انتشارات نیلوفر

بڵاوبونەوەی پەتاکەدا و هاتنی بۆ وڵاتە ئیسلامییەکانیش، ئەم پڕوپاگەندەیەی دینداران کۆتایی هات و وەک دەبینین دۆخەکە بە تەواوەتی گۆڕاوە لە ئێستادا، چونکە بۆ هەمووان ڕوونە ڤایرۆسەکە هەڕەشەیە بۆسەر ژیانی کۆی مرۆڤەکان و تاکە ڕێگاچارەش ئەوەیە چۆن هەمووومان بتوانین هاوکاری یەکتری بین و پێکەوە هەوڵی لەناوبردنی ڤایرۆسەکە و هەر دیار دەیەکی دیکە بدەین کە هەڕەشەیە بۆسەر ژیانمان و هێشتا وەک ڤایرۆسەکە ناوی لەخۆی نەناوە بە دوژمن و بە شێوازێکی دیار و ئاشکرا ڕوبەڕومان نەوەستاوەتەوە. بۆ زیاتر تێگەیشتن لە پرسی مەرگ و نەمری و دواجاریش هەوڵی ڕزگاری لەدەست پەتاکە و مامەڵەکردنێکی بەر پرسیارانە لەگەڵ ئەم دۆخەدا، هەروەها بۆ بینینی پەتا و ڤایرۆسە هاوشێوەکانی وەک کۆرۆنا و دۆزینەوەی ڕێچار و تولەڕێی هەڵهاتن، گەشتێک بەناو ڕۆمانەکانی ساراماگۆدا دەکەین.

## ٥ـ لەنێوان نەمریی و ژیانێکی شایستەدا:

ئەگەر سەرنج بدەین و ترس و تۆقین لە ڤایرۆسی کۆرۆنا ورد بکەینەوە، دەگەینە دەرئەنجامی ئەوەی لە بنەڕەتدا ترسەکە ترسە لە مردن. وەک پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، گەڕان بەدوای نەمریدا، پرسێکی لە مێژینەی مرۆڤ بووە و پرسیارێکی جدیش بووە لەناو کایەی فیکر و فەلسەفە و زانست و ئەدەبیاتدا. یەکێک لەو ئەدیبە گەورانەی ئەم پرسەی لە سەدەی بیستەمدا بە کێشەکردووە خۆزیە ساراماگۆیە.

ساراماگۆ لە ڕۆمانی بایکۆتی مردن" انقطاعات الموت"[4]دا، چیرۆکی شارێکمان بۆ دەگێڕێتەوە مردن بایکۆتی دەکات و دانیشتوانەکەی بەسەر ناکاتەوە. لە کاتێکدا لەسەرجەم شوێنەکانی دیکە مردن ئاسایی ڕودەدات و بەردەوامە. لەگەڵ دێڕی یەکەمی ڕۆمانەکەدا کە دەڵێت: "لە ڕۆژی دواترەوە ئیتر هیچ کەسێک نەمرد" و دواتریش بە هەمان دێڕ کۆتایی بە ڕۆمانەکە دەهێنێت، ساراماگۆ بە شێوازێکی ئەدەبی ئێجگار قەشەنگ، کێشەی نەمری لە ژیاندا باس دەکات و دیمەنەکانیمان دەخاتە بەرچاو. یەکێک لە گرفتەکانی ئەم نەمردنە ئەوەیە، کە شوێن و جێگا نامێنێت و نە نەخۆشخانەکان و نە هیچ شونێکی دیکە جێگای مرۆڤەکانیان تێدا نابێتەوە. دارتاش و دروستکەرانی تابوت بێکار دەبن و چیتر کەس ئامادە نییە پارەی

[4] لێرەدا بە پشتبەستن بە و ئیدیۆمە کوردییەی کە بۆ خەڵکێکی بە تەماح و چاوچنۆک بەکاردێت دەڵێت:" خۆ مردن هەڵنەگیراوە". دەکرێت "انقطاعات الموت" بە "هەڵگیرانی مردن" یش تەرجەمە بکرێت.

هاوپشتی تەندروستی بداتە حکومەت، چونکە هەمووان دەزانن کە چیتر نامرن. خانەنشینکراوان هێندە زۆر دەبن، چیتر حکومەت ناتوانێ موچەکانیان بدات و ناچار دەبێت لە پارەی ڕەنج و کاری گەنجەکان موچەکەیان بۆ دابین بکات. لە جەنگەکاندا کەس نامرێت و چیتر کەس نابێتە هەڵگری نازناوی شەهید و قارەمان و ئەمەش کێشە لە ڕیزەکانی سوپادا دەنێتەوە. ڕۆحانییەکان و پیاوانی ئاینی لەگەڵ دەوڵەتدا ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، چونکە ناتوانێت کێشەی نێوان خەڵک و پیاوانی ئاینی چارەسەر بکات، چونکە کەس بڕوای بەڕۆژی دوایی نەماوە و باسکردنی بەهەشت و پاداشتی پاشەڕۆژ بۆیان بۆتە شتێکی کۆمیدی و گاڵتە بە دینداران دەکەن. ئەمانە ودونیایەک کێشەی دیکە هەن لە ڕۆمانەکەدا و نوسەر بەوردی لە بارەیانەوە دەدوێت و وێنەیانمان بۆ دەکێشێت. بەڵام لەهەمووی خراپتر ئەوەیە خەڵکێک هەن زۆر بەسەختی بریندار و نەخۆشن و تا بێت دەردەکەیان گرانتر دەبێت، بەڵام هەر دەژین و نامرن. دواتر مەرگ دەگەڕێتەوە و هەڵایەکی گەورە لە شارەکەدا دروست دەکات. ئەمجارە مەرگ نامەی وەنەشەیی بۆ ئەو کەسانە دەنوسێت کە بڕیارە بمرن و هەرجارە و لیستێکی سێسەد کەسی ئامادە دەکات و ناوی ئەوەنای تێدا دەنوسێت کە سەرەی مردنیان هاتووە. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە لە ڕۆمانەکەدا کەمانچە ژەنێکی تێدایە کاتێک ئەم نامەیەی پێدەگات وەری ناگرێ و دەیگەڕێنێتەوە بۆ مەرگ[5]. لێرەوە مەرگ ناچار دەبێت خۆی بخاتە

[5] نوسەر جیاوازی لە نێوان ڕێنوسی مردندا دەکات و وەرگێڕە عەرەبییەکەش سود لە وشەکانی" الموت، موت، المنية" وەردەگرێت، ئێمەش لێرەوە کە مردن

سەر شێوەی کچێکی ئێجگار جوان و سەرنجڕاکێش و باڵای لە نێوان مەتر و شەست و شەش بۆ شەست و حەوت سانتیمەتردایە و بڕیار دەدات خۆی بەدەستی نامەکە بدات بە کەمانچە ژەنەکە. چەندجارێک مەرگ دەچێتە کۆنسێرت و ئاهەنگەکانی کەمانچە ژەنەکەوە و بەڵام مەرگ نامەکەی پێنادات. تا دواجار لەگەڵیدا دەچێتەوە بۆ ماڵ و داوای لێدەکات بتهۆڤن و باخ و مۆزارتی بۆ عەزف بکات. بەم شێوەیە مەرگ عاشقی میوزسیانەکە دەبێت و کاتێک کە کەمانچە ژەنەکە دەخەوێت، مەرگ نامەکە دەسوتێنێت و تاکە کارێک و دواهەمین کارێک کە بیکات، ئەوەیە خۆڵەمێشی نامەکە دەسڕێتەوە. دواتر مەرگ کە لەسەردەمی هابیل و قابیلەوە نەخەوتووە، دەڕواتە ناو پێخەفەکەیی و پێڵووەکانی لێکدەنێت و دەخەوێت[6]. ئەوەی لەم ڕۆمانەدا ساراماگۆ پێمان دەڵێت، ئەوەیە مردن نەک وەک زەرورەتێکی بایۆلۆژی بەڵکو وەک شتێکی ئەخلاقیش پێویستە. چونکە ئەو هەموو ژان وناڵینەی مرۆڤەکان کە دەردەدارن و هیچ چارەسەریشیان نییە، تاکە شتێک وەڵام دەرەوەبێت پێیان مردنە. ساراماگۆ ئەمە لە ڕوانگەیەکی مەرگدۆستانەوە ناڵێت و مەبەستیشی نییە ڕەوایەتی بەکوشتن بدات، بەڵکو مەبەستی سەرەکی ئەو ئەوەیە؛ نەمری چارەسەر نییە، چارەسەر ئەوەیە ئەوکاتەی لە ژیانداین چۆن بژین و چۆن بەرپرسیارانە مامەڵە بکەین و مانا بە ژیانمان ببەخشین. هەربۆیە

---

دەبێتە پاڵەوان لە ڕۆمانەکەدا وشەی مەرگ بەکار دەهێنین.

[6] خوزیە ساراماغو، انقطاعات الموت، ترجمة: صالح علماني، الطبعة الثانية ٢٠١٥، مسكيليانى للنشر و التوزيع

ئەو چارەسەر لە هونەردا دەبینێتەوە و بە پێچاوەنەی هەندێک لە سەرنجی ڕەخنەگرانەوە ساراماگۆ ستایشی مەرگ ناکات، بەڵکو ستایشی ژیانێکی هونەرمەندانە دەکات و لە کۆتایی ڕۆمانەکەشدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە مردن چۆن ناتوانێت سنورەکانی هونەر ببڕێت و لەبەردەمیدا چۆک دادەدات. لێرەوە پێویستە تێبگەین کە ڤایرۆسی کۆرۆنا هەموو مەترسی مردن نییە، بەڵکو بەدەیان جۆر و شێوازی دیکە ئێمە لەبەردەم هەڕەشەی مەرگ و لەناوچونداین. کۆرۆنا یەکێکە لەو نەخۆشیانەی کە پێویستە بە مەیل و ڕۆحیەتێکی هونەرمەندانەوە ڕووبەڕووی بوەستینەوە و چۆکی پێدابدەین. مەبەستیشمان لە ڕۆحیەتی هونەری، بەشداریی و هاوخەمیمانە لەگەڵ یەکتریدا بۆ بەگژداچونەوە و تێپەڕاندنی پەتاکە. ئێمە ڕەنگە نەتوانین ڕێگری لە بڵاو بونەوەی ڤایرۆسەکە بکەین، بەڵام دەتوانین نەهێڵین هەڵوێستی ئینسانیمان لەبەرامبەر یەکتریدا بگۆڕێت بۆ جیاکاری و ڕەگەزپەرستی و توشبوان بە نەفرەتلێکراوانی خودا بزانین و بەمەش هەوڵی خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی بدەین. ئەوەی دەبێت لە دۆخی بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسەوە فێرببین؛ ئەوەیە کە ڤایرۆسەکە خودی خۆمان بۆ مرۆڤایەتی نەکاتە ڤایرۆسێکی ڕاسیست و دینی و ئەتنی و ...هتد. ئێمە مەحکومین بە مردن و درەنگ یان زوو مردن بەسەرمان دەکاتەوە، ئەوەی نامرێت و ئەبەدییە، ئەو هەڵوێست و ڕۆحە مرۆڤدۆست و هونەرمەندانەیەیە کە دەیبەخشین بە مرۆڤایەتی. ئەگەر نەمری لای ساراماگۆ ڕێگاچارە نەبێت، ئەوا هەڵوێست و بەشداریمان لە گۆڕینی هەلومەرج و ڕوبەڕووبونەوەی ئەو

کارەساتانەدا کە هەڕەشە لە ژیانی مرۆڤایەتی دەکەن، ئەکتێکی هونەرماندانە و ژیاندۆستانەیە و بە مانایەکی مەجازی نەمریشمان پێ دەبەخشێت. کەواتە باشترین مامەڵەیەک لە ئێستادا بتوانین لەگەڵ ڤایرۆسەکەدا بیکەین، ئەوەیە بیکەینە هۆکار و پاڵنەری بیرکردنەوە و کارکردن بۆ ژیانێکی باشتر و شایستە بەژیانی مرۆڤایەتی و لە کوێرییەوە بەرەو بینایی هەنگاو بنێین.

## ٦ـ لەسەردەمی کوێرییەوە بۆ سەردەمی بینایی:

لە یەکێک لە شاکارەکانی دیکەیدا بە ناوی" کوێری" ساراماگۆ چیرۆکی شارێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە پەتای کوێری لەناویدا بڵاو دەبێتەوە. کوێری لەم ڕۆمانەی ساراماگۆدا دەلالەتێکی ویژدانی و مەعنەوی هەیە تا ئەوەی کوێرییەکی واقیعی بێت. ڕەنگی کوێریەکەش تاریک و ڕەش نییە و دەکرێت ئەمەش وەک دەلالەتێکی دیکە بۆ جیاکردنەوەی ئەو کوێرییەی ساراماگۆ باسی دەکات لە کوێربوونی چاوی فیزیکی بیخوێنینەوە. پوختەی ڕۆمانەکە ئەوەیە، لە ترافیکێکدا کە گڵۆپی سور هەڵکراوە، شۆفێری ئۆتۆمبیلێک کە لە ترافیکەکەدا وەستاوە لە ناکاودا و بەهۆکارێکی نادیار کوێر دەبێت، بەڵام کوێربونێک کە هەموو شتێک بەسپی دەبینێت و وەک ئەوەی لە دەریایەک شیردابێت توانای بینینی هیچ شتێکی نامێنێت. دواتر پیاوێکی دیکە دەیگەیەنێتەوە بۆ ماڵ، بەڵام سەیارەی کابرا کوێرەکە دەدزێت. هاوسەری کابرا کوێرەکە دەبات بۆ لای پزیشکی چاو بەڵام هۆکارەکەی بۆ دەستنیشان ناکرێت. دواتر کابرای دز و

دکتۆرەکەش کوێر دەبن. بەو شێوەیە سەرانی دەوڵەت ئاگادار دەبنەوە و قەرەنتینەیەک بۆ کوێرەکان دەکەنەوە. هاوسەری دکتۆرەکە تاکە کەسە کە تا کۆتایی ڕۆمانەکە دەبینێت و کوێر نابێت، بەڵام بۆ ئەوەی لە هاوسەرەکەی دانەبڕێت خۆی بەکوێر لە قەڵەم دەدات. بەو شێوەیە ڕۆژ بەڕۆژ خەڵکەکە کوێر دەبن و دەوڵەتیش بە پڕوپاگەندەی ئەوەی خەریکن پەتاکە کۆنترۆڵ دەکەن هەرجارە و درۆیەک سازدەکەن. دەیان کێشەی جۆراو جۆر دروست دەبێت و لەناو قەرەنتینەی کوێرەکاندا دەوڵەت گروپ گروپ کوێرەکان جیا دەکاتەوە و بەشێکی زۆریشیان کە کۆنترۆڵ ناکرێن بەدەستی سەربازانی دەوڵەت دەکوژرێن. بەڵام وردە وردە سەربازانیش کوێر دەبن و هەموو خەڵکەکە لەسەر خۆراک و شوێن و جێگا بەگژ یەکتریدا دەچنەوە. لەناو قەرەنتینەکەدا بەشێک لە کوێرە لۆمپەن و شەلاتییەکان دەستیان دەگاتە چەک و گروپە کوێرەکانی دیکە دەچەوسێننەوە و گەر بێت و نافەرمانیش بکەن دەیانکوژن. وردە وردە هێرش دەکەن سەر دوکان و بازاڕەکان و پاسەکان و ئۆتۆمبیلەکان وەردەگیڕن و فڕۆکەکانیش دەکەونەخوار و دەیان ڕوداوی دیکە ڕودەدات و شارەکە دەبێت بە وێرانە. پاشان بەهۆی هاوسەری پزیشکەکەوە کە بینایە و چاوەکانی دەبینێت، سەردەستەی ئەم چەتانە دەکوژرێت و دواتر گروپی خۆیان دروست دەکات و بە وێرانە و فەوزای شارەکەدا دەگەڕێنەوە بۆماڵ و بەخۆشەویستی و عەشقەوە پێکەوە خواردن دروست دەکەن و دوای ئەوەی یەکەم کوێر بینایی بۆ دەگەڕێتەوە هێواش هێواش ئەوانی دیکەش چاک دەبنەوە و هەموان بەخۆشی و شێوازێکی

شایستە پێکەوە دەژین[7]. ساراماگۆ دواتر ڕۆمانی بینایی دەنوسێت وەک تەواو کەری ئەم ڕۆمانە و ئەمجارە هەموو کۆمەڵگا بە ڕوونی دەبینن و لە هەڵبژاردنەکاندا چیتر دەنگ نادەن بە پاڵێوراون و هەمووان بە سپێتی کارتەکان دەخەنە سندوقی دەنگدانەوە. ساراماگۆ لە ڕۆمانی کوێریدا چیرۆکی شارێکمان بۆ باس دەکات کە هەموان نابینا و کوێرن و بەهاکانی وەک عەدالەت و ئەخلاق و مرۆڤدۆسی ڕێز و خۆشەویستی و...هتد، نابینن، کە مەرجی مانەوەی هەر کۆمەڵگایەکن. ئەم دەردەکوێرییەی ساراماگۆ باسی دەکات، جگەلەوەی شاکارێکی ئەدەبییە، تەعبیرە لە زۆرێک لە کۆمەڵگاکان و بە تایبەتیش لە دونیای ئێمە. ئەو هەموو جەور و ستەمەی دەرحەق بە ژیانی ئێمە دەکرێت و نەبینن و فەرامۆشکردنی لەلایەن خەڵکەوە، تەنیا کوێری گوزارشتێکی پڕ بە پێستە بۆی. کە پێویستە ئەم جۆرە شلەژان و شۆکانەی بۆ بکەینە دەوا و قەترە قەترە بەرچاومانی پێ ڕوون بکەینەوە و بەرەو سەردەمی بینایی هەنگاو بنێین. وەکچۆن لە ڕۆمانەکەی ساراماگۆدا هاوسەری بزیشکەکە وەک ڕەمزی ویژدانێکی زیندوو دەمێنێتەوە و دواجاریش ڕزگاری لەسەردەستی ئەم خاتوونە و بەهاوکاری هاوڕێکانی بەدیدێت.

دواتر لە ڕۆمانی بیناییدا دوای ئەوەی خەڵکەکە هەمووان بایکۆتی دەنگدان دەکەن، وەزیری وڵاتەکە کەنیازی ئەوەی هەیە ببێتە سەرۆک کۆمار، خۆی دەست دەکات بە پشێوی نانەوە و شەوانە

---

[7] ژوزه ساراماگو، کوری، ترجمه: عاطفه اسلامیان، نشر تهران ١٣٨٥

تەقینەوە دروست دەکات و دواتریش ئەوخەڵکە تۆمەتبار دەکات کە دەنگیان نەداوە. تا لە کۆتاییدا سەربازانی دەوڵەت بە هاوکاری ئەو پیاوەی یەکەمجار لە ڕۆمانی کوێریدا نابینا بوو، ژنی دکتۆرەکە تاوان بار دەکەن و بە هۆکاری پشێوییەکانی دەزانن، چونکە ئەو بووە گرووپێک لە کوێرەکانی لە قەرەنتینەکانی دەوڵەت ڕزگار کردووە. بۆیە دکتۆرەکەی هاوسەری دەگرن و ژنەکەش کە ڕەمزی ویژدان و ئاگایی کۆمەڵگایە، لەژورەکەیدا دەست دەکات بە گریان و دەچێتە بەردەم پەنجەرەکە و بە گوللەیەک لەلایەن سەربازانی دەوڵەتەوە دەپێکرێت و دەکوژرێت[8]. ئەوەی لێرەدا گرنگە لە پەیوەندیدا بە ڤایرۆسی کۆرۆناوە باسی بکەین، ئەوەیە چۆن بەجۆرێکی دیکە مامەڵە لەگەڵ ئەم ڤایرۆسەدا بکەین و لە کوێریی و نابیناییەوە بەرە و بینایی بگوازینەوە. ئەو قەرەنتینانەی ئێستا دروستدەکرێن بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، ڕەنگە ڕەوایەتی تیابێت، هەرچەند بە شێوازێکی زۆر ناتەندروستانە  هەڵگرانی ڤایرۆسەکە و کەسانی توشنەبووش بەیەکتری تێکەڵا و دەکرێن و بەم هۆیەشەوە خەڵکانێکی زۆر توش دەبن و زۆری دیکەش هەوڵی ئەوە دەدەن کە تێکەڵ بەم قەرەنتینە و مەکۆی هەڵاوێردانە نەبن و بیر لە ڕزگاری فەردی خۆیان بکەنەوە. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە لە ئێستادا دەوڵەت باری نائاسایی ڕاگەیاندووە و بەهۆی ڤایرۆسەکەوە سەرجەم دەوامی دامودەزگاکانی کردۆتە پشووی فەرمی، لە ڕواڵەتدا ڕەنگە ئەمە وەک دڵسۆزی دەوڵەت ببینرێت. بەڵام گرنگە

---

[8] ژوزە ساراماگو، بینایی، ترجمە: حبیب گوهری راد، بهارە پاریاب، نشر جمهوری تهران ١٣٨٩

لێرەوە لە قەرەنتینەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگاش بڕوانین. ئێمە بەردەوام لەسایەی سیستەمی باڵادەست و دەسەڵاتە لۆکاڵی و جیهانییەکاندا لەناو باری نائاساییدا دەژین. لە ئاستی جیهانیدا دەرگیرین لەگەڵ دەیان کێشەی مەترسیداری وەک جەنگی ئەتۆم و مەترسی هەڵگیرسانی جەنگی نێوان دەوڵەتە زلهێزەکان و کێشەی کۆچکردن و دۆخی پەنابەریێتی و خراپی سیستەمی خۆراک و بارودۆخی کارکردن و ژینگە و...هتد، لە لایەکی دیکەشەوە، لەناوخۆدا دەرگیری سەدان کێشە و گرفتی وەک نەبوونی نەوت و غاز و کارەبا و بێموچەیی و دەیانجۆری دیکەی گەندەڵی و مشەخۆرین کە هیچیان کاریگەریان لەم ڤایرۆسە کەمتر نییە و بەردەوام بەدەستیانەوە دەناڵێنین، کەچی لە ١٧ی شوباتدا بینیمان چۆن لە سەرای ئازادیدا قەرەنتینە کراین و دواجار ئەوەشیان پێ ڕەوا نەبینین و کۆتاییان بە خۆپیشاندانەکان هێنا. ئەمە جگە لەوەی لە عێراقدا و بە دیاریکراویش لە "بەغداد"دا، پێش بڵاوبونەوەی ئەم ڤایرۆسەش خەڵکی ناڕازی لەتاو خراپی هەرلومەرجی ژیانیان و بێکاری و نەبوونی ئاو و کارەبا و بەهۆی دەیان گرفتی دیکەوە لەناو بارێکی نائاساییدا دەژیان و لەشارەکەدا قەرەنتینە کرابوون و لەبەرانبەردا خەڵکەکە مەیدانی تەحریر و پردی سنک و چێشخانەی تورکییان کردە شوێنی ژیان و بەرگری. بەدەر لەوەش خەڵکی ئێران بەدەست سیستەمی ئاخوندی و مەرجەعی و خراپی باری ئابورییەوە بەردەوام لە ژیانێکی مەمرەومەژیدان و شارەکوردییەکانیش بۆخۆیان گۆڕاون بۆ چەند قەرەنتینەیەکی گەورە و هەرکەسێک بە پێچەوانەی فەرمانەکانی سیستەمی باڵا

دەستەوە هەڵسوکەوت بکات لە سێدارەی دەدەن. حاڵی کوردانی باکوریش بەدەست دەوڵەتی تورکیای فاشیستەوە باشتر نییە لە ناوچەکانی دیکە و دەتوانین بڵێین بە گشتی دۆخی ژیانی ئینسانەکان لە سەرتاسەری دونیاندا ناجێگیرە و بە پێی سیاقە جیاوازەکان مرۆڤەکان پێکرا لەفۆرمی جیاجیای ناهەمواریدا دەژین. ئەمانە و دەیان قەرەنتینەی دیکەش لە کوردستاندا هەن، وەک قەرەنتینەی داخلی کچان و کوڕان و قەرەنتینەی گەڕەکە هەژار نشینەکان و ...هتد، کە هەموویان بەر لە هەبوون و بڵاو بوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا هەبوون و ئێستاش کە ڤایرۆسەکە بڵاوبۆتەوە دەیانەوێت بەهۆی شڵەژان و ڕاگەیاندنی باری نائاساییەوە سەرجەمی ئەو کێشانەی باسمانکردن لەبیرمانی ببەنەوە. ئەوەی ئەدەب پێمان دەبەخشێت ئەو مەساحە گەورەیەی بینین و ئەو یادەوەرییە دەستەجەمعی و یونیڤێرساڵەیە کە ڤایرۆسەکانی سیستەم ناتوانن دەستیان پێی بگات و بیسڕنەوە. بەشداری ئەدەب لە ڕوبەڕوونەوەی کۆرۆنادا ئەوە نییە وەک دەوڵەت و نەخۆشخانەکان، قەرەنتینە بۆ نەخۆشەکان بکاتەوە و ڕۆمانیان بۆ بخوێنێتەوە یان لێکچواندن لەنێوان کۆرۆنا و مەعشوقدا بکات، وەک هەندێک بۆچوون و ڕوانگەی هەزیل دەریدەبڕن و وایدەبینن. بە پێچەوانەوە ئەوەی ئەدەب فێرمان دەکات، ئەوەیە چۆن لەدەرەوەی بۆچوونی ئایدۆلۆژی و دینی و ڕاسیستی و ئیندیڤجوالیزمی پاتۆلۆژیانەوە، ئیمکانی دیکە بۆ تێگەیشتن لە هەلومەرجەکە بخەینە بەردەست و لە دیدێکی یونیڤێرساڵ و گەردونییەوە لە مرۆڤەکان بڕوانین و بەتەنیشت ئەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی و قانونی بەهۆی

مەترسی ڤایرۆسەکەوە دۆخی ئاوارتە و نائاساییان ڕاگەیاندووە. جارێکی دیکە لە پەنجەرەکانی ئەدەبەوە  بۆ ئاسۆی دیکە بڕوانین و دۆخە هاوشێوەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بەبیرخۆماندا بهێنینەوە و لە میانەیانەوە بیر لە ڕزگاریی و بەدیهاتنی ژیانێکی شایستە بە مرۆڤایەتی بکەینەوە. تێماکانی ڕۆمانی تاعونی "کامۆ" و بایکۆتی مردن و کوێری و بینایی "ساراماگۆ"ش، کە لەم نوسینەدا بەنمونە هێنرانەوە، هەموویان تێمای گەردونین و پێکڕا لە ئازار و دەرگیری نوسەراکانیانەوە بە پرسە ئینسانییەکان نوسراون. هەر ئەوەشە وادەکات لە کارەساتێکی وەک کۆرۆنادا جارێکی دیکە ببنەوە بە کەرەستەی بیرکردنەوە و ئیمکانی دیکەمان بۆ تێگەیشتن و ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ ڤایرۆسی کۆرۆنادا بخەنە بەردەست. ئەمە ئەو ڕادیکالیزمەیە کە ئەدەب بە ستایلی خۆی بەرهەمی دەهێنێت و وامان لێدەکات لە کارەساتەکاندا وێڕای هاوخەمی و خواستنی سەلامەتی بۆ هەمووان و مامەڵەکردنێکی بەر پرسیارانە، شۆکی کارەساتەکان وەربگێڕینە سەر ئاستێکی قوڵی تێگەیشتن و بە زمانی ساراماگۆ، لە سەردەمی کوێرییەوە بۆ سەردەمی بینایی هەنگاو بنێین.

**کۆتایی**